# بۆ چی سەرۆ قادر داوای بەخشین لە میللەتی کورد بکات

کارزان عەلی/هەولێر

٢٠٠٤/١٢/١١

پێکەوە لەمەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پدک کار دەکەین ، ئەم ووتارە گوزارشت لە ڕەئی مەکتەب ناکات و کاکە سەرۆ لێی بێ ئاگایە ، ناهەقی حەمەسەعید حەسەن ویژدانمی جوولاند کە هەر جارەو بە ناڕەوا و هەنجەتی پۆخڵەوە لە نووسەرێک بەردەبێت ، لە وەڵامی دەم درێژیەکی فەرید ئەیارەوە سەرۆ بە وتارێک لە خەبات و دواتر لە سایتی پەیامنێردا هەڵوێستی نیشاندا ، تا فەرید بزانێت چۆن مەشاعیری میللەتی کوردی بریندار کردوە ، سەرۆ ڕۆشنبیرێکی شارەزای ڕاگەیاندن و بەرپرسی دەزگایەکی گرنگی پارتی یە ، تاکو ڕاپەڕین لە سەنگەری پێشمەرگە و دوای راپەرینیش لەگەڵ خەم و ئازار و بێ نانی و بێ کارەبایی و نەبوونی میللەتەکەیدا ژیاوە و هەڵوێستی دڵسۆزانەی بووە ، کەچی حەمە سەعید بۆ بەرژەوەندی خۆی دژیەتی و فەرید بە ڕاست دەزانێت و لە جیاتی ڕوو لە فەریدی شۆڤێنی بیرتەسکی نەتەوەیی بکات بۆ ئەو شەکرەی شکاندویەتی داوای لێبوردن لە میللەتی کورد بکات ، کەچی بە پێچەوانەوە توانج لە سەرۆ دەگرێت .

با لای هەموان ئاشکرابێت ، مەسەلە ئەو وتارەی سەرۆ نی یە بەڵکو نهێنی مەسەلەکە کە ئازاری گەیاندۆتە کەلەکەی حەمەسەعید ئەمەیە ، ئەوەتا خۆی بێ پەردە راستی لە نوسینەکەیدا دەدرکێنێت :(سەرۆ قادر کە لەو ساوە بووە بە بەرپرسی ڕاگەیاندنی پدک ، ڕێی نەداوە لە هیچ کەناڵێکی سەر بە ئەو حیزبەوە دێڕێکی کۆمەڵێک نووسەری ئازاد تێپەڕبێت ).حەمەسەعید مەبەستی لەو نووسین و کۆمەڵە نووسەرە ئازادانە تەنیا شەخسی خۆیەتی ، گەر ڕاگەیاندنی پدک نووسینە پۆخڵەکانی بڵاوبکردایەوە ، ئێستاکێ لەبری ئەو وشە ناشرینە (فشە هەڵوێست) چارۆکەیەک شاباشی بەسەردا هەڵدەدا .

سەرۆ قادر وەک ئەو نوسەرێکی بەڕەڵا نی یە ئیلتیزامی بە حیزبێکەوە هەیە ، ئەو مەکتەبەی سەرۆ بەرپرسێتی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پدک و ناکرێت ڕێگا بە حەمەسەعید بدات بیکاتە شوێنی شەڕە نووسین و سووکایەتی بەم حیزب و ئەو حیزب.

ئەز زۆر مەمنونم حەمەسەعید فریای ئەوە نەکەوت تۆمەتی فایل و بەعسی بوونی بۆ دروست بکات ، نوسینی (فشە هەڵوێست) ڕاستی بۆچوونێکی دی دەسەلمێنێت کە ئەو وتارە پڕ لە درۆ پۆخڵەی بە ناوی خوازراوی (بورهان حەسەن ساڵەیی ) ی لە ٢٠٠٤/٨/١٣ دژی کاکە سەرۆ بڵاوکرایەوە هەر حەمەسەعید حەسەنە، با ئاو بە دڵیدا بکرێت ، ڕاگەیاندنی پدک لەو ئاستە بەرزترە مەودا بە کەسی نامەسئول بدات تەراتێنی تێدا بکات و ناوی پدک یشی پێوە بزڕێنێت و تەنیا ئەوەش مەبەستی حەمە سەعیدحەسەنە.